## ڕۆژنامەوانیی کوردی

کتێبی "ڕۆژنامەوانیی کوردی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان 1943 – 1947" نووسینی د. هێمداد حوسێن لەم دواییانەدا لە هەولێر بڵاوبۆتەوە. بنەمای کتێبەکە، نامەی دوکتۆرای نووسەرە لە زانکۆی سلێمانی و پاشان بۆتە کتێبێکی پڕ لاپەڕە و بە ناوەڕۆک.

234 لاپەڕەی کتێبەکە، هەڵسەنگاندن و ناساندنی ناوەڕۆکی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی کۆمارە و پاشماوەی، هەتا دوا لاپەڕە(234) لە چاپدانەوەی سەرلەنوێی ژمارەکانی 8 گۆڤار و چاپەمەنی هەمان سەردەمە واتە : نیشتمان، ئاوات، هاواری کورد، گۆڤاری کوردستان، هاواری نیشتمان، هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵی کورد و دیاری کۆمەڵەی ژێکاف بۆ لاوەکانی کورد.

من لە چەند ئاڵقەی دواتری هەر ئەم زنجیرە وتارە چەند گۆڤارێکیان لە پەیوەندی بۆکاندا دەخەمە بەر باس. بەڵام لێرەدا لەو سەرەتایە دەدوێم کە د. هێمداد نووسیویەتی. "بۆکان" لەو لاپەڕانەدا ڕەنگێکی باشی داوەتەوە- چ وەک شار و چ وەک کەسایەتییەکانی. هەر لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا هەژارەوە تا ناوی وەزیرانی کابینەی پێشەوا، تەسلیم بوونی پێشەوا بە سەرتیپ هومایونی لە حەمامیان، لە سێدارەدانی ڕێبەران و گەورە پیاوان، و چاپخانە و گۆڤار و هەروەها کەسایەتی سیاسی، هونەری و ئەدەبی و مامۆستایانی وەک مەلا محەمەدی تورجانی زادە، حەسەنی قزڵجی، هێدی و حەقیقی و هەژار – کە ئەودەم لە بۆکان دەژیا و سەید کامیلی ئیمامی و هیتر.

باسی بۆکان و ناوچەی دەوروبەری و کەسایەتی سەربە ناوچەکە لەم لاپەڕانەی خوارەوەدا ڕەنگیان داوەتەوە :
19، 28، 34، 41، 43، 47، 48، 51، 54، 94 تا 103، 137، 149، 165، 171، 175، 176، 178 تا 188، 193 تا 195، 204 تا 206، 220، 222، 224، 227، 230.

د. هێمداد حوسێن، "ڕۆژنامەوانیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان 1943 – 1947"، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، 2008، 1023 لاپەڕە، کوردی.